KURDISTAN

تۆش بەجێت هێشتین،
"وەک ئەسپێکی شێت سوار بەجێ دێڵێ
وەک وشەی تادار
زار بە جێ دێڵێ"
تۆش بەجێت هێشتین...
پەشێو



هونەرمەندی نەمر تاهیر خەلیلی

# یادو بیرت بە خۆشەویستیەوە لە دڵماندا دەمێنێتەوە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

له قەندیلی سەربەرزەوە
وڵامت بۆ دەنێرمەوە
شەهیدبوونم شانازییە
هاوڕێ ڕەنگە نەتبینمەوە
هێزێ پێشمەرگە نابەزن
هەموو شۆڕشگێڕن ئەوڕۆ
شەهیدبوونمان شانازییە
دایکان بۆمان مەکەن ڕۆ ڕۆ

زۆر لەمێژە ژانی گەلم
دەسووتێنێ جەرگ و دڵم
ژان دەچێژم دەیپارێزم
ئاو و خاک و مەتەرێزم
بە گیان بە خوێن دەیپارێزم
ئاو و خاک و مەتەرێزم

هاوڕێی شەهید لەبیر مەکەن
ڕێگای قازی قەت ون مەکەن
هاوڕێیان ڕۆژی هیممەتە
سەفی دوژمن لەت لەتە
ڕۆژی تۆڵەسەندنە
بەیداغی کورد هەڵکردنە

# پێڕست:


١- کورتەیەک لە ژیان و خەباتی هۆنەرمەند تاهیر خەلیلی ........................ ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی ..... ٥

٢- کاک تاهیر خەلیلی گەورە هونەرمەندی شۆڕشگێر بە جەستە بەجێی هێشتین ............. حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ١١

٣- وەفایەک بۆ وەفادارێک (تاهیر خەلیلی) ...................................................... مەنسوور مروەتی ..... ١٤

٤- ماڵئاوا تاهیری خەلیلی، ماڵئاوا هونەرمەند و پێشمەرگە ................................ مەریوان مەسعود ..... ١٧

٥- هونەرمەند لەگوێن ڕووحی نەتەوە (بەبیانووی کۆچی دوایی هونەرمەند تاهیر خەلیلی) ........ شاهۆ حوسێنی ..... ١٩

٦- کۆچی دوایی تاهیر خەلیلی، هونەرمەند و پێشمەرگەی پێشووی حیزبی دێموکرات ............ کوردستان میدیا ..... ٢٢

٧- پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ............................................................... ٢٤

٨- پەیامی باڤڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ................................................. ٢٦

٩- پەیامی کومسیۆنی ڕاگەیاندنی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئیران ................................................ ٢٧

١٠- دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان ........................................................................ ٢٩

١١- پەیامی سەرۆکی PAK، فەرماندەی سپای میلیی کوردستان ..................................................... ٣١

١٢- نوێنەرایەتی باشووری کوردستانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ................................................... ٣٣

**لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە ..................... لاپەڕەی ....... ٣٤**

١٣- یادی کاک تاهیری خەلیلی بەخێر و رووحی شاد بێ ................................................ کەماڵ گرویسی

١٤- هونەرمەند تاهیر خەلیلییش لە بستووی ژیان ئاوا بوو ........................................................ قادر وریا

١٥- هونەرمەندی ناودار تاهیر خەلیلی بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد ................................ مەنسوور خوسرەوی

١٦- "لە قەندیلی سەربەرزەوە" سەردێڕی ژیانی هونەری و پێشمەرگایەتی ............................ ڕەحمان حەسەن زادە

١٧- هەتا سەر شانازی بەو کوردبوونە کرد! ........................................................ ئاگری ئیسماعیل نژاد

١٨- "شوانە ئەو شمشاڵەم دەیە" ................................................................ کاوە ئاهەنگەری

١٩- چریکە تاهەتاییەکەی تەرغە و قەندیل ........................................................ ئازاد معەممەدیانی

٢٠- کاکەی پێشمەرگەم ........................................................................ ئەحمەد ڕەحمانی

٢١- بۆ ڕوحی پڕ لە ئازاری سەرداره غەریبەکەی چریکەی شۆڕشگێڕی! ........................................... ئالان خاس

٢٢- داخەکەم بۆ مەرگی هاوسەنگەری دێرین تاهیر خەلیلی ..................................................... هاشم رەزایی

٢٣- هێشتا کاتی کۆچی ئەبەدیت نەبوو ....................................................................... عەبدوڵڵا کەریمی

٢٤- تاهیری خەلیلیش لە ئاسۆی ژیان ئاوا بوو ........................................................ خالید حەسەن پوور

٢٦- یەکەم بەرنامەم لە تیڤی کوردکاناڵ لەگەڵ کاک تاهیر خەلیلی بوو. بۆیە قەتم لەبیر ناچێتەوە ...... وریا رەحمانی

٢٧- سڵاو لەو هونەرمەندە ئازایانە. نەمری بۆ کاک تاهیر خەلیلی ........................................ تەیموور مستەفایی

٢٨- لە قەندیلی سەربەرزەوە، ئەو سروودەی کۆماری ئیسلامی توشی شۆک کرد ................................ رەشید قازی





سەرچاوە
Serchawe




**ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی**

**هەروەک هەمـوولایەک ئاگـادارن بەداخەوە ئەمـرۆ ٢٦ - ١١ - ٢٠٢٣ = ٥ی سـەرماوەزی ٢٧٢٣ هونەرمەنـدی گەلەکەمـان ماڵاوایی لە ژیان کرد و دنیای هونەر و گۆرانی کوردی بەجێهێشت.**

**کـاک تـاهیر هەم خـۆی شۆڕشگێڕێکی کـورد بـوو و هەمیش لە دنیـای هـوونەری کوردیـدا بەتـایبەت بە سـروودە حەماسی و شۆڕشگێڕییەکانی، شۆڕشێکی بەهێزی لە دنیای هونەردا بەرپا کردبوو.**

**خزمەتەکانی کاک تاهیر بە کورد و دنیـای هونەری کـوردی، جێگە و پێگەیەکی تـایبەتی لە مێـژووی خەبـاتی نەتەوایەتی کورددا کردووەتەوە.**
**هونەرمەند تاهیر خەلیلی ساڵی ١٩٥٦ = ١٣٣٥ لە شاری بۆکان لە دایک بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە ئاشقی گۆرانی و موزیک بووە و خولیای دەنگی هونەرمەندان؛**

- **محەمەد ماملێ.**
- **حەسەن زیرەک.**
- **تاهیر تۆفیق.**



سەرچاوە Serchawe

- عەلی مەردان.
- ساڵح دیلان.

بووە و گۆرانییەکانی ئەوانی گوتووەتەوە، بەڵام یەکەم بەرهەمی خۆی لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردووەتەوە.

تاهیر خەلیلی چەند بەرهەمێکیشی لە تەلەڤزیۆنی مەهاباد تۆمار کردووە کە بریتین لە: "

شەوی تاریک و بێ دەنگی،
گوڵی مەهاباد
کیژۆڵەی کوردستان"

هەر ئەو بەرهەمانەش وایکرد زیاتر بناسرێت. دوای شۆڕشیش پەرەی بە بەرهەمەکانی دا و بەگشتی زیاتر لە ٥٠ گۆرانی و سروودی نیشتمانی بڵاو بووەتەوە، بە سروودی "**لە قەندیلی سەربەرزەوە**" لە هەموو کوردستان ناوبانگی دەرکرد.

تاهیر خەلیلی لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا کۆنسێرتێکی لە تەلەفزیۆنی تاران سازکرد و دواتریش بەرهەمەکانی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ سنە دەنگیان دایەوە.

## کۆچ و ماڵئاوایی

رۆژی یەکشەممە ٢٦ - ١١ - ٢٠٢٣ = ٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٣ هونەرمەند تاهیر خەلیلی کە خاوەنی دەیان شاکاری گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕییە، لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان بە هۆی جەڵتەی میشک لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بەم کۆچە ئەوێنەداران و لایەنگرانی دەنگی خۆی بەگشتی و بنەماڵەکەی خەمباران و دڵتەنگ کرد،

تاهیر خەلیلی؛ وەک هەموو هۆنەرمەندانی کورد بەداخەوە ئاوات و داخوازەکانی کە سەربەخۆیی گەلی کورد بوو بردە ژێر گل.

رووح و رەوانی شادو ئارام بێت و ڕێگای خەبات و بەرخۆدانی پڕ ڕێبوار بێت.



سەرچاوە Serchawe

## نۆرویژ

- لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٣ = ١٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٣ لەناوەندی ئایینی قازی، بە بەشداری برا و کەسوکار، دۆستان و کەسانی نزیکی ناوبراو بە بۆنەی کۆچی دوایی لە ناکاوی کاک تاهیر خەلیلی ئەو گەورە هونەرمەندە، بۆ ڕێز و وەفا و پێزانین بەو خەبات و خزمەتەکانی ئەو هونەرمەندە بە خەڵک و خەباتی نەتەوایەتیمانی کردوە. کۆڕێکی پرسە و سەرخۆشی لە شار ئوسلۆ وڵاتی نۆرویژ بەڕێوە چوو.

## ژیانی پێشمەرگایەتی

- تاهیر خەلیلی؛ لە ساڵی ١٣٥٨ = ١٩٨٠ لە کاتی سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە ماوەی پێنج ساڵ هەم وەکوو پێشمەرگە و هەمیش لە بەشی هونەرییەوە چالاک بوو. تاهیر خەلیلی زۆرتر بەهۆی گۆرانییە نیشتمانییەکانی ناسراوە.

- هونەرمەند تاهیر خەلیلی لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیدا و ساڵی ١٣٧٢ = ١٩٩٤پاش ئەوەی بەهۆی گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە ناچار بە بەجێهێشتنی کوردستان بوو، خۆی گەیاندەوە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و هەتا ساڵی ١٣٧٦ = ١٩٩٨ کە پەریوەی هەندەران بوو؛ لە کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەرکی هونەری و پێشمەرگانەی خۆی ڕاپەڕاند. کاک تاهیر خەلیلی لە ساڵانی ڕابردووشدا کە لە دەرەوەی وڵات ڕا دەهاتەوە باشووری کوردستان، لە چەند بۆنەیەکی حیزبیدا بە بەشداریی چالاکی بوو کە لە دواهەمینیان کە یادی ٣٠ ساڵەی تێرۆری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، چەند سروودێکی نیشتمانی و حەماسیی چڕی.

- تاهیر خەلیلی؛ وەک کوردێک بە هەستێکی نەتەوەیی یوە چووە ناو خەبات و بوو بە پێشمەرگەیەکی کوردستان لە شۆرش دا زیاتر لە ٥٠ گۆرانی و سروودی نەتەوەیی بڵاو بۆتەوەو بە سروودی لە قەندیلی سەربەرزەوە ناوبانگی دەرکرد. لە هەموویان پێ سەرکەوتوو تر بووە. بە هۆی پێشمەرگایەتی و گوتنی سروودی سیاسی و نەتەوەیی کوردی لە حکومەتی ئەو کاتی ئێران قاچاغ بووە.

# هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات یادی تاهیر خەلیلییان بەرز ڕاگرت




- پاش کۆچی دوایی "تاهیر خەلیلی"، هونەرمەندی ناسراوی خەڵکی بۆکان لە ڕۆژی ٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٣ = ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣ دا ژمارەیەک لە هونەرمەندانی خەڵکی شارەکانی بۆکان، بانە، سەردەشت، مهاباد، سەقز، پیرانشار و هتد ڕێوڕەسمێکیان بە بۆنەی ڕێزگرتن لە یادی ئەم هونەرمەندە لە شاری سەردەشت بەڕێوە برد.

- ئەم هونەرمەندانە لەم ڕێوڕەسمەدا چەند سروودی حەماسیی تاهیر خەلیلیان بە شێوەی دەستەجەمعیی خوێندەوە. سەرچاوە ئاگادارەکانی ئێرانوایەر دەڵێن کە ڕۆژی پێنج شەمە ٩ی سەرماوەز، کۆماری ئیسلامی ژمارەیەک لەم هونەرمەندانەی لە ڕێگەی هەڕەشە کردن و ترساندنەوە، لە ڕێوڕەسمێکدا ناچار کردووە سروودە حکوومەتییەکان بخوێنن.

ئەم کردەوەی کۆماری ئیسلامی کە لە ژێر ناوی "ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە حەوتووی بەسیج و شەهیدانی سەردەشت بە ئامادە بوونی ژمارەیەک لە هونەرمەندانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا و کوردستان" بەڕێوە چووە کاردانەوەی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لێ کەوتۆتەوە.

## تەرمی هونەرمەند تاهیری خەلیلی، بە شکۆوە لە سلێمانی بەخاکسپێردرا



رۆژی ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣ = ٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٣ لەشاری سلێمانی رێورەسمی بەڕێکردن و بەخاکسپاردنی هونەرمەندی گەورەی کورد تاهیری خەلیلی بە شکۆوە بەڕێوەچوو.



لەمەراسیمەکەدا، کە د. هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی و محەممەد کوردۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی و نیاز نوری نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە خانەوادە و هاوڕێ و هاوسەنگەر و دۆست و هونەرمەندان و رۆشنبیران ئامادەی بوون. سەرەتا لە مزگەوتی حاجی عەلی تەرمی پیرۆزی تاهیری

خەلیلی بەڕێکرا بۆ گۆڕستان و لە گۆڕستانی بەکرەجۆ بە شایستییەوە نێژرا.



دواتر لەلایەن محەمەد کوردۆ چەپکە گوڵی وەفا و ئەمکداری لەسەر گۆڕی هونەرمەند دانرا و چەند وتەیەکی ماتەمینیش لەلایەن ئامادەبووانەوە بەم بۆنە خەمناکەوە پێشکەشکرا.

---

سەرچاوە: ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵایەتەکان



## کاک تاهیر خەلیلی گەورە هونەرمەندی شۆڕشگێڕ بە جەستە بەجێی هێشتین.




**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

گەورە هونەرمەندی شۆڕشگێڕ و شوێندانەر کاک تاهیر خەلیلی لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا لە شاری سولێمانی کۆچی دوایی کرد. کۆچی دوایی کاک تاهیر خەلیلی بۆ هەموو ئەوانەی کە بە دەنگی بەرز و شۆڕشگێڕانە و ئاشقانەی ئەو گەورە هونەرمەندە ئاشنان ، بۆ دونیای هونەری کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، بۆ ئەویندارانی ڕێگای ئازادی کوردستان، بۆ هێزی نەبەز و دلێری پێشمەرگەی کوردستان ، بۆ هەموو ئەوانەی لە زیندان و گرتووخانەکان دا ژیانی سەربەرزانەیان هەڵبژارد و تەسلیمی ویست و داخوازییەکانی جەللادان نەبوونەوە، بۆ کیژ و کوڕان و بۆ گەورە و بچووکی کوردستان خەسارێکی هێندە گەورەیە کە جێگە و پێگەی هونەری بە کەس پڕ ناکرێتەوە.

کاک تاهیر خەلیلی بە دەنگە ئەفسووناویەکەی، بە چریکە و بە هەست و سۆزی خۆی بە سەدان هەزار کەسی ئاشقی کوردستان، ژینگەی کوردستان و خۆشەویستی بە کوردستان کرد. بە هەزاران لاوی خوێن گەرم بە بیستنی سروودە پڕ مانا و گەرمەکانی، بە سروودە شۆرشگێڕەکانی، بە مەقام و گۆرانی و حەیران و لاوکە پڕ حەماسیەکانی بوون بە پێشمەرگە و



سەرچاوە
Serchawe

هەنووکەش ئەو دەنگە نەمرە هاندەری سەرەکین بۆ لاوانی دڵ پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری و پۆل پۆل لاوان خۆدەگەیێنە ڕیزی پێشمەرگایەتی.

کاک تاهیر خەلیلی بە چریکەی بەرزی دڕی بە شەوەزەنگی زیندان و گرتووخانەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان داوە و کەم نەبوون ئەو گەنج و لاوانەی کوردستان کە بە گوتنەوەی "چ بوو تاوانی ئەوانەی وا لە سیدارە دران" چوونە سەردار و تەسلیمی دوژمن نەبوون. کەم نەبوون ئەو گەنج و لاوانەی کە بە سروودی "لە قەندیلی سەربەرزەوە" ڕێگای شۆڕش و خەباتیان گرتە بەر و گیانی خۆیان پێشکەش بە نیشتمان کرد.

گۆرانی و مەقام و حەیران و سروودەکانی هێندە بەرزن کە کەم کەس توانیویانە وەک خۆی بیڵێنەوە و تاکوو ئێستاش شێوازی گورانییەکانی هەر وەک تاقانە لە ئاسمانی هونەری دا دەدرەوشێنەوە و هەر بە گەشاوەییش دەمێننەوە.

هەڵبژاردنی چەند گۆرانی کاک تاهیر خەلیلی لە نێو دەریای گۆرانییەکانی دا ئەستەمە، بەڵام دەکرێ کاک تاهیر بە هێندێک گۆرانی تایبەت بە خۆی بناسرێتەوە، کاک تاهیر لە گووتنەوەی گۆرانییەکانی گەورە هونەرمەندانی کوردیش دا ڕۆڵێکی باشی هەبووە و لە هەندێک گۆرانی دا توانیویەتی لە هونەرمەندانی پێش خۆی چاکتری بڵێتەوە، کاک تاهیر ڕێزێکی زۆری بۆ هونەرمەندان بە گشتی و بۆ دونیای موسیقای کوردی هەبوو و توانیبووی بە چەندین زاراوەش گۆرانی بچڕێ و لە گووتنەوەی گۆرانی کۆن و فولکلۆریش دا تازەگەری و نوێگەری بکا.

هەڵسەنگاندنی گۆرانییەکانی کاک تاهیر بە شارەزایانی ئەو بوارە دەسپێرم، بەڵام وەک خۆم ئاشقی دەنگ و چریکەی بەرێزیان بووم و بە گووتنەوەی گۆرانییەکانی مەجلیسی پێشمەرگانە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان پێ ڕازاندوونەوە، لەگەڵ گۆرانی و سروودەکانی ژیاوم و لەگەڵ گۆرانییەکانی سەرمەست بووم و بە سروودەکانی فێری وانەی خۆراگری و مانەوە لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا بووم.

بە خۆشیەوە وەک هاورێیەکی کۆن و وەک هونەرمەندێکی بە توانا و شۆڕشگێڕ بە دەیان شەو و ڕۆژمان بە یەکەوە تێپەڕ کردن و لە چەندین کۆڕ و مەجلیسی حیزبیانە دا لە تەنیشتی بووم و زۆرجار بە دەنگە بە سۆزەکەی ڕێگەی دوور و نزیکم بڕیون و تەنانەت دەنگی بلاوێنی لە کاتی برینداریم دا لە سەر تەختی نەخۆشخانەش مەرهەمی زامەکانم بووە، بە زەبتێکی بچووکی پێشمەرگانە و نەوار و کاسێتێکی کاڵ بووەی نێو کۆڵەپشتیەکەم کە دەنگ و چریکە و لارەی گەرووی پڕ لە حەنجەرەی کاک تاهیر بووە کاتە خۆش و پڕ لە مەترسییەکانیشم پێ تێپەڕ کردووە و بەرهەم و نەوارەکانی ئێستاش

بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەی نێو ماشێن و موبایلەکەم.

ئەوەندەی لە سەر کاک تاهیر بنووسم ئێستا ناگەمە داوێنی ئەو لووتکە بەرزە هونەرییە و تەنیا ئەوە دەزانم کە قەرزداری گەورەیی و کارە هونەرییەکانی ئەو پێشمەرگە خێر لەخۆ نەدیوەی کوردستانم، ئێمە بۆ کاک تاهیر هیچ وەفایەکمان نەبوو، ئەو لە هەژارترین هونەرمەندانی گەلەکەمان و کوردستان بوو، هیچ سەنتەر و شوێنێک و تەنانەت هاوڕێیانی دەورانی منداڵی و گەنجیش نەیانتوانیوە لە ناخی ئەو گەورە هونەرمەندە تێبگەن و بە بێ نازی سەری نایەوە.

سەد حەیف و مخابن بۆ کۆچی دوایی ئەو مەزنە هونەرمەندە شۆڕشگێڕەی کورد و کوردستان.

سەرەخۆشی لە گشت لایەک و لە خەڵکی کوردستان، لە ئەویندارانی ڕێگای ئازادی، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاشقانی دەنگەکەی و ئەندامانی بنەماڵەکەی و دونیای هونەرمەندان و موسیقای کوردی دەکەم و هیوادارم کە کوردستان نموونەی دەنگی وەک کاک تاهیر خەلیلی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ و شارەزایانی بواری موسیقا هەوڵی زیندوو ڕاگرتنی بەرهەم و یادگارییەکانی بدەن و وەک هونەرمەندێک ئارشیوی گۆرانییەکانی کە هیچ کات نامرن، هەروا بە زیندوویی ڕابگرن.

حەمەڕەسووڵ کەریمی

٢٦ - ١١ - ٢٠٢٣ی زائینی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# وەفایەک بۆ وەفادارێک (تاهیر خەلیلی)




**مەنسوور مروەتی**

ڕۆژی یەکشەممە ٥ی سەرماوەز هونەرمەندی ناودار و شۆڕشگێڕی کورد تاهیری خەلیلی بەهۆی نەخۆشی لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد. تەرمی ئەو هونەرمەندە دەروەستە دوو ڕۆژ دواتر بە ڕێزەوە لەنێو ئاپۆڕای خەڵک و هونەرمەندان لە گۆڕستانی بەکرەجۆی ئەو شارە ئەسپەردەی خاک کرا.

هەر لە یەکەم ساتەکانی بڵاوبوونەوەی کۆچی دوایی تاهیری خەلیلی، شەپۆلێکی بەربڵاو لە خەم و ماتەمینی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستانی داگرت و بۆ چەند ڕۆژێک دیسانەکە سروودی "لە قەندیلی سەربەرزەوە" بوو بە وێردی سەرزمانان و تەنانەت بوو بە دوایین مالاوایی خەڵک لەم هونەرمەندە نیشتمانپەروەرە لە گۆڕستانی بەکرەجۆ کە لە پۆلێک لە هونەرمەندانی کوردی ئامادەبوو لە ڕێوڕەسمەکە گوترایەوە. لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەشدا ڤیدیۆیی کۆبوونەوەیەکی تایبەت ماڵ بە ماڵی سۆسیالمیدیای تەنیبوو کە کۆمەڵێک لە هونەرمەندان، شاعیران و نووسەرانی دڵسۆزی کورد لە چەند شارێکی کوردستان کە شەوێک دوای کۆچی دوایی کاک تاهیر، لە شاری سەردەشت پێکیانهێنابوو؛ کۆبوونەوەیەک بۆ ڕێزگرتن لە هونەرمەندی خاک و نیشتمان و بە کۆمەڵێک سیمبول و نیشانەناسیی تایبەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

وەئەمما پرسیار ئەوەیە، چ شتێک لە تاهیری خەلیلی و هونەرەکەیدا هەبوو کە خەڵک بەتێکڕا ئاوا بۆ کۆچی دوایی ئەو بەپەرۆش بوون و ئاوا بەرێزەوە بەرێی مەنزڵی ئەبەدییان کرد؟

تاهیری خەلیلی ئەگەرچی بەرهەمە هونەرییەکانی بە هۆکاری جۆراوجۆر زۆر نەبوو، بەڵام ئەوەی هەیبوو خستبوویە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی و سروودەکانی ببوون بە وێردی سەرزمانان و لە نێویشیاندا سروودی بەناوبانگی "لە قەندیلی سەربەرزەوە" زیادەڕۆیی نییە بڵێین کە لە کوردستاندا کەس نییە نەیبیستبێ، نەیزانێ و بۆ جارێکیش بووبێ لە بەرخۆیەوە نەیخوێندبێ. لەوەش پتر تاهیر خەڵیلی بۆخۆشی بەکردەوە لە مەیدانی خەباتدا بوو و هەر لە سەرەتاکانی شۆڕشەوە ببوو بە پێشمەرگە و چەکی پێشمەرگایەتیی کردبووە شان. لە عەمەلیاتەکانی هێزی پێشمەرگەدا مەیدانی بەشداریی کردبوو، تەنانەت لە لەشکەرکێشییەکەی ساڵی ١٣٧٥ی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە نیزیک شاری کۆیە یەک لەو ماڵە پێشمەرگانەی بە تۆپباران و کاتیوشابارانی سپا سووتان و خاپوور بوون، ماڵی تاهیری خەلیلی بوو. بۆیە پڕ بە پێستی خۆیەتی بڵێین تاهیری خەلیلی هونەرمەندێکی پێشمەرگە و پێشمەرگەیەکی هونەرمەند بوو.

"ڕێگای قازی قەت بەرمەدەن، هاوڕێی شەهید لە بیر مەکەن" کە خۆی ئەسڵێکی نەگۆڕی بزووتنەوەی کوردستانە، بۆ خۆی یەکێک لەو سروودە نەمرانەیە کە ساڵەهایە بووەتە ڕەمزی چرین و بانگهێشتنی لاوان و هاتنی پۆل پۆلی لاوان بۆ نێو ڕیزەکانی شۆڕش. بەوپێیە تاهیری خەلیلی لە زومرەی ئەو هونەرمەندانەیە کە هونەرەکەیان بە هونەری بەرگری پێناسە دەکرێ و هونەری بەرگری نەتەنیا لەنێو کورددا بەڵکوو لەنێو هەموو گەلاندا ڕێزی لێ دەگیردرێ و ئەو گەلانەش کە قۆناغی ڕزگاری نەتەوەییشیان تێپەڕاندبێ، هێشتا هەر بەرێزەوە لەو هونەرە دەڕوانن. بەمجۆرە هۆکاری سەرەکیی خۆشەویستیی تاهیری خەلیلی لەنێو خەڵکدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاهیر بە هونەرەکەی سەنگەرێکی جوان و ڕازاوای دۆزی ڕەوای گەلەکەی خۆی بوو، بۆیە خەڵک خۆشیان ویست و ناو و یادی بۆ هەمیشەش لە دڵی نەتەوەکەیدا دەمێنێتەوە.

تاهیری خەلیلی پێشتر ئاواتی خواستبوو لە کوردستان بمرێ و ئەو خۆزگەیەی ئەگەرچی برێک دوور لە زێد و شوێنی لەدایکبوونی خۆی هاتە دی ،بەڵام هەڵوێستی خەڵکی باشووری کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی وای کرد بۆ جارێکی دیکەش هاودڵییەکی جوان لە نێوان ڕۆژهەڵات و باشووردا پێک بێت. وەک چۆن ڕۆژی ناشتنی ئەو هونەرمەندە زەحمەت بوو جیاوازییەک لە نێوان هەستی ئامادەبووان بە ڕۆژهەڵاتی و باشوورییەوە ببینی. ئەوەش دیسان سەلمێنەری ئەوە بوو کورد لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان خاوەنی یەک پرس، ئەویش پرسی نەتەوەیی کوردە، کە ڕۆڵەیەکی هونەرمەندی ئەم نەتەوەیە ئەو هێمایانەی پێوە دیار بوو.

بەخۆشییەوە لە نێو کورداندا هونەرمەندی وەکوو تاهیری خەلیلیمان کەم نییە و هەرکام کەم و زۆر بە قەدەر توانایی خۆیان تەمەنی هونەریی خۆیان لە پێناو گەلەکەیاندا داناوە و کاریگەرییان حاشا هەڵنەگرە. تەنانەت چەندین هونەرمەندی دیاریش هەر لە ڕەوتی خەبات و لە نێو شۆڕشدا پێشمەرگانە و بە گوللەی دوژمن گیانی خۆیان پێشکەش بە ڕێگەی ڕزگاریی گەکەیان کردوە. بەڵام ئەوەی جێی داخ و کەسەرە ئەوەیە کە زۆرێک لە هونەرمەندانی ناوداری کورد بە کۆڵێک چەرمەسەری و بێبەشی لە ژیان کۆچی دوایی دەکەن و بەداخەوە بەهۆی دۆخی سیاسیی کورد و خەباتەکەی هەتا ئەوکاتەی لە ژیاندا ماون پاداشتی خزمەتەکانیان وەکخۆیان و بەپێی پێویست وەرناگرن و لە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی ژینئاوایی تاهیری خەلیلی دیسان ئەو بابەتە هاتەوە بەرباس. جیا لە بە جیددی وەرگرتنی ئەو گلەیی و ڕەخنەیە کە جێگای خۆیەتی، بەداخەوە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی و نەتەوەیی خۆی نییە هەتا ئەو ئەرکە گرینگە بگرێتە ئەستۆ و کەسانی ناوداری گەلەکەمان کە ژیانی خۆیان لە پێناو ڕزگاری گەلەکەیان دادەنێن، ئاوا بە غەریبی و دنیایەک ئاواتەوە و بێبەش لە خۆشییەکانی ژیان سەر نەنێنەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە خەباتی نەتەوایەتیی کورد و هەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ هەمیشە خۆیان قەرزباریان دەزانن و هێمن گوتەنی "نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین."

سڵاو لە گیانی پاکی هونەرمەندی پێشمەرگە تاهیری خەلیلی و نەمری بۆ ناو و خەباتەکەی.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵئاوا تاهیری خەلیلی، ماڵئاوا هونەرمەند و پێشمەرگە



**مەریوان مەسعود**

تاهیری خەلیلی، ناوێکی بەرزە لە ناوەندی سروود و مەقام و گۆرانی کوردییدا، بەتایبەت ئەو سەدا بەرزە و ڕەوانی لە وتنەی لەوداهەبوو، لە کەم گۆرانبێژی تردا هەبوو، مەگەر سەدای تاهیر تۆفیق و حەمە ساڵح دیلان.

خەلیلی، کە ئەمڕۆ ٢٦ - ١١ - ٢٠٢٣، بەداخەوە بۆ دواجار و لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بۆ یەکجاری جێی هێشتین، کاتێک سرووده بەناوبانگەکەی دەچڕێت (لە قەندیلی سەربەرزەوە وەڵامت بۆ دەنێرمەوە، شەهیدبوونم شانازییە هاوڕێ ڕەنگە نەتبینمەوە) خۆی لە خۆیدا بووە بە مێژوویەکی سەربەرز بۆ ئەو و بۆ پێشمەرگە و کوردایەتی، چونکە ئەو کاتێک لە شاری ئازیزی بۆکانەوە و لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستی بە وتنی گۆرانی کردووە گوێگرێکی باشی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک و تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان و حەمەساڵح دیلان و ماملێ بووە و تا گۆرانی پێویست نەبووبێت، گۆرانی نەوتووە، بۆیە ئەو ٥٠ بەرهەمەی کە هەیەتی کە سروودی نیشتمانی و مەقامی بەرز و گۆرانی شازن، شایانی ئەوەن هەموان گوێی لێبگرین و بەڕاستی هەموویان شاکاری نەمرن و وەک چۆن هەرگیز هونەرەکەی حەسەن زیرەک نامرێت، دڵنیام دەنگ و سەداکەی تاهیری خەلیلی-یش هەر وا دەبێت.

خەلیلی، بەرهەمی یەکەمی لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردەوە و دەنگدانەوەیەکی باشی

هەبوو لەنێو خەڵکیدا، بۆیە ئەمەش وایکرد راگەیاندنە کوردییەکانی ئەو کاتی ئێران بۆ چەند دیدارێکی هونەری بانگی بکەن و گۆرانیان پێوت و دواتریش چەند بەرهەمێکی لە تەلەفزیۆنی مەهاباد تۆمار کرد کە بریتی بوون لە: دەنگ و رەنگ، شەوی تاریک و بێ دەنگ، گوڵی مەهاباد، کیژۆڵەی کوردستان دواتریش لە تەمەنی 18 ساڵیدا لە تەلەفزیۆنی تاران کۆنسێرتێکی گەورەی بۆ سازکرا و ناوبانگێکی باشی پەیدا کرد و هەروەها لە تەلەفزیۆن و رادیۆی سنە و کرماشانیش چەند بەرهەمێکی بۆ تۆمارکراوە.

تاهیری خەلیلی، بە تەنیا دەنگخۆشێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو هەر لە گەنجییەوە بووە بە پێشمەرگە و رووی لە خەبات و شاخ کردووە، ئەمەش وای لێکردووە کە ریتمی گۆرانییەکان بگۆڕێت بۆ سروود و مەقام و ئێستاش ئەوەندە بە سروود و مەقامەکانی ناوبانگی هەیە، لەوانەیە کەمتر بە گۆرانییەکان بناسرێتەوە. درورد بۆ گیانی پاکی ئەو هونەرمەندە گەورە و سەنگینەی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## هونەرمەند لەگوێن ڕووحی نەتەوە (بەبیانووی کۆچی دوایی هونەرمەند تاهیر خەلیلی)




**شاهۆ حوسینی**

ڕوح لە جیهانی ئەندێشە و فەلسەفەدا جیاواز لە جیهانی تێئۆلۆژی بە مانای هزر، عەقڵ، هەست و هتد بەکار دەبرێت. لەڕاستیدا ڕوح وەک چەمک و فۆرماسیونێکی مانایی لەخۆگری ڕەوتی هەڵگێڕانەوەی گیان، ڕواڵەت و بوونی مرۆڤە بە مەبەستی پەرە و پێشکەوتی مرۆڤ، کۆمەڵگا و نەتەوە لە ئەندێشەی هێگلدا. ڕووح خوڵقێنەر، بزوێنەر، پاڵنەر و داڕێژەرە لەجیهانی فەلسەفەدا، مانابەخش بە ژیانی تاک و کۆمەڵگا، دەرخەری وێنایەکی زەینی و لەمەر مرۆڤگەلێکی جیاواز و لێکگرێدراوی جیهانی نەتەوەیە. ئەگەر بیرمەند، فەیلەسووف و ژیرمەندەکان جیهانی زەینی هەڵدەگێڕنەوە و فۆنداسیونی جیهانێکی زەینی نوێ دادەڕێژن، ئەوا هونەرمەندیش داڕێژەر و خوڵقێنەری جیهانێکی لێکگرێدراو لە تاکی کۆمەڵگا بە ڕایەڵی هونەرێکە کە زایەڵە و ڕەنگدانەوەی کۆلکەزێڕینەی بەها، نۆرم و کلتووری کۆمەڵگایە.

**ئەو هونەرمەندانەی خوڵقاندیانم:**

لە کوردستان بەدەر وەک جیهانێکی کلتووری، زمانیو زەینی هیچ شوێنێکی ترم نەدیبوو، هەتا ساڵی پەنجاو هەشت وەک بنەماڵە تەبعیدکراین و ڕوومان لە عەجەمووستان کرد وەک جیهانێکی کلتووری، زمانی و زەینی نەتەنیا جیاواز کە دژبە. جیهانێک کە هەم بە ئەشکەنجەی جەستەیی لەڕێی لێدان هەوڵی سڕینەوە و پەراوێز خستنیان دەدایـن، و هەم بە

ئەشکەنجەی ڕوحی لەڕێی داسەپاندنی بەها، نۆرم و کلتووری خۆیان نەتەنیا هەوڵی سڕینەوەیان دەدایەن کە هەوڵی دارشتنەوەی سەرلەنوێی بوونیکی ئۆبژ و دەسکردیان لەمە دەدا، بووکەڵەیەک کە جەستیەکی ئاخندراوی بە جیهانێکی زەینی جیاواز هەیە.

ڕێک لەوەها دۆخێکدا کە ئێمە ئیزن و مەجالی گەڕانەوەمان نەبوو، و ژیان و جیهانێکی بێگانەمان بەسەردا سەپابوو، لەڕێی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی من خوڵقام، سەرەتا وەک بوونێکی فیزیکی و جەستەیی لە دایک و باوکێکی بایولۆژیکی خوڵقابووم، بەڵام ئەم جارە لەڕێی هونەر و موزیک وەک بوونێکی زەینی، نەتەوەیی و کوردانە خوڵقامەوە، موزیک بۆ من بوو بە ڕوحی بەرنگاری دژ بە هەموو هێرش و هەڕەشەکانی ئەو جیهانە داگیرکەرە کە هەوڵی بەکلۆنیکردن و داگیرکردنی منی دەدا، موزیکی کوردی و دەنگی مامۆستایان ماملێ، زیرەک، خالقی، هۆمەر دزەیی، ساڵح دیلان و شارووخ و شێعرەکانی مامۆستایان هێمن، هەژار، گۆران و.... هتد منیان وەک بوونێکی کورد خوڵقاند، منیان گرێداوە بەو جوغرافیایەی کە لێی تاراندرابووم، من ئەو نەیبە بووم کە لە نەیستان دابڕابووم و ناڵەم تێکەڵی نەی موزیکی کوردی کردبوو و ئەم لێکگێردانەوە زەینیە، بەربەستێکی قایم و پۆڵایین بوو لە بەتاڵبوون و توانەوەم لە ناو شوناس و بوونی ئەویترێکی کە بێگانە بۆ منی دارشتبوو. ئەم سەردەمە لە هەناومدا سنووربەندیەک لەنێوان من و ئەویتردا دەرکەوتبوو، ئەم کەلێن و قەڵشە لەنێوان من و ئەویتردا ئەکتیڤ بوبوو، بەڵام هێشتا نەکەوتبوومە بەرەی بەربەرەکانی، بەرخۆدان و دژکردوە بە دژ ئەویتری داگیرکەر، ساڵی شەستویەک گەڕاینەوە مەهاباد، ئەمجارە منی زەینی و ڕوحی تێکەڵ دەگەڵ ئەم ژینگەیە بوومەوە کە بە شێعر و گۆرانی خوڵقاندبویانم، دیارە گەڕانەوەم تەنیا تێکەڵ بوونەوەیەک نەبوو، بەڵکە سەیرووڕەتی خوڵقاندنی لە هەناوی منەدا پەرە پێدا، من نەگەڕامەوە ئەو کوردستانەی کە بەجێم هێشتبوو، کوردستانی ئێستا مەیدانی خەبات، پێشمەرگە، چەک و فیشەک بوو بە دژ داگیرکەر، تێگەیشتن لەو فەزا و کەشەش بۆ من هەر لەڕێی موزیک و هونەری گۆرانێوە بوو، دەنگەکانی شۆڕشی کوردستان مامۆستایان: ڕەزازی، جەزا، نەجمەی غولامی و دواتریش تاهیر خەلیلی ئەم بوونە کوردانە دارێژراوەری لە هەناوی مندا لەگەڵ شۆڕشی کوردستان گرێ داوە. هونەر بوو بە ئامرازی خوڵقاندنی من و جیهانێک پڕ لەشۆڕش و نەتەوە، بوو بە ڕایەڵی تێگەیشتن و فامی جیهانێک کە وەک جیهانی شۆڕش، خەبات و کوردایەتی پێناسە دەکرا و دەکرێت. لەڕاستیدا هونەری گۆرانی و مۆزیک بوبوونە ڕوحی نەتەوەیی، خوڵقینەری دێمۆگرافیەکی کۆمەڵایەتی بوون لە هەناوی تاکی کورددا کە سنووربەندێکی پۆڵایین و قایمی هەبوو لەگەڵ ئەم فۆڕماسیونە جەعلی و دەسکردەی کە ئەویتری دژە کورد دایڕشتبوو، مۆزیک و گۆرانی کوردی ڕێک بەرگێڕەوە، هەڵگێڕەوە، ڕاپەڕێنەر بوو، بەریگرتبوو بە پەرە و سنووربەزاندن و داگیرکارێکانی ئەویتری دژەکورد و تاکی کوردی هەڵگێڕابوە لە فۆڕمێکی دەسکرد بەرەو فۆڕمێکی لۆکاڵی و ڕاپەڕینەر بوو بە دژ ئەو داگیرکەرەی حەولی پێشگرتن بە دەرکەوتنی خودێکی سەربەخۆی کوردانەی دەدا.

بێگومان هونەری کوردانە و هونەرمەندی کورد لەوەها کەش و هەوایەکدا بەمانای بوونێکی ناو ژینگەیەکی ڕواڵەتی کە بە زمانی کوردی وەک دیاردەیەکی ڕواڵەتی گۆرانی دەکووت نیە، بەڵکە هوونەری کوردانە یانی نەخشاندنی جەوهەر و ڕوحی ژینگەیەک کە وەک کوردستان سنووربەندی دەکرا و چرینی مێلۆدی و شێعرگەلێک کە جوغرافیای وینا و ڕوحی کوردانەی تیا نەخشاوە. ئا، ڕێک لەو کات و بەستێنە دایە کە هوونەر و هوونەرمەند دەبنە ڕوحی نەتەوە و لەگوێن ڕوحی نەتەوە دەردەکەون.

**ماڵپەڕی فەرمی ماملێ - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## کۆچی دوایی تاهیر خەلیلی، هونەرمەند و پێشمەرگەی پێشووی حیزبی دێموکرات




تاهیر خەلیلی، هونەرمەندی ناودار و پێشمەرگەی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

هونەرمەند تاهیر خەلیلی ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە شاری بۆکان لەدایک بوو. ئەو لە منداڵییەوە خولیای مۆسیقا و گۆرانیگوتنی هەبوو و هەر زوو لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا دەستی بە گوتنەوەی گۆرانییەکانی هونەرمەندانێکی وەک مامۆستا محەممەد ماملی، حەسەن زیرەک، تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان و ساڵح دیلان کرد. هێشتا تەمەنی ١٥ ساڵ بوو کە یەکەم بەرهەمی هونەریی خۆی بڵاو کردەوە و دواتر بوو بە خاوەنی ڕچە و شێوازی هونەریی خۆی و کۆمەڵێک سروود و گۆرانیی بەناوبانگی لە ژیانی هونەریی خۆیدا تۆمار کرد.

هونەرمەند تاهیر خەلیلی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و دوای ئاشکرابوونەوەی خەباتی تەشکیلاتی و سیاسیی حیزبی دێموکرات هاتە ڕیزەکانی حیزبەوە و چ لە ڕیزی پێشمەرگەی سەنگەر و چ لە کۆڕی هونەریی حیزبدا بۆ ماوەی نیزیک بە ٥ ساڵ خەباتی سیاسی و هونەریی خۆی درێژە پێدا. هەر لەو قۆناغە لە ژیانی سیاسی و هونەریی تاهیر خەلیلیدا و پاش

عەمەلیاتێکی هێزی بەیان لە ئاوایی ئەربەنووس کە بۆخۆیشی تێدا بەشدار بوو، سرووده مێژووییەکەی "لە تەرەغەی سەربەرزەوە"ی چڕی کە لە تۆمارکردنەکانی دواتردا ناوەکەی بە "قەندیلی سەربەرز" گۆڕی.

هونەرمەند تاهیر خەلیلی لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیدا و ساڵی ١٣٧٢ پاش ئەوەی بەهۆی گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە ناچار بە بەجێهێشتنی کوردستان بوو، خۆی گەیاندەوە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و هەتا ساڵی ١٣٧٦ کە پەرپوەی هەندەران بوو؛ لە کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەرکی هونەری و پێشمەرگانەی خۆی ڕاپەڕاند. کاک تاهیر خەلیلی لە ساڵانی ڕابردووشدا کە لە دەرەوەی وڵات ڕا دەهاتەوە باشووری کوردستان، لە چەند بۆنەیەکی حیزبیدا بە بەشداریی چالاکی بوو کە لە دواهەمینیان کە یادی ٣٠ ساڵەی تێرۆری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، چەند سروودێکی نیشتمانی و حەماسیی چڕی.

هونەرمەند تاهیر خەلیلی خاوەنی دەیان سرووود و گۆرانی بوو، و "کاکی شوان"، "خاسەکەو"، "شەوی تاریک و بێدەنگی"، "گوڵی مەهاباد" و "کیژۆڵەی کوردستان" چەند سروود و گۆرانیی بەناوبانگی دیکەی هونەرمەند تاهیر خەلیلین. مخابن مەرگ مەودای نەدا لەوە زیاتر خزمەتی هونەری گەل و نیشتمانەکەی بکا و لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی مەرگی ناوەختی هونەرمەند تاهیر خەلیلی سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری دەکا و خۆی لەو خەمە قورسەدا بە بەشداری خەمیان دەزانێ.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# پەیامی کۆمەڵە




## بە بۆنەی مەرگی ناوادەی هونەرمەند و تێکۆشەری دیرینی کوردستان تاهیری خەلیلی

بەداخەوە سەرلەبەیانی ٥ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاویی دڵە گەورەکەی هونەرمەندی تێکۆشەر و ناوداری کورد کاک تاهیری خەلیلی لە تەمەنی ٦٧ ساڵی لە شاری سلێمانی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

کاک تاهیری خەلیلی ساڵی ١٩٥٦ی زایینی لەشاری بۆکان لە دایک بوو. یەکەم بەرهەمی گۆرانی لە تەمەنی 15 ساڵیدا تۆمار کرد و پاش هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان وەک پێشمەرگەیەک هاتە ناو ریزەکانی خەبات و بە دەیان گۆرانی و سرودی شۆڕشگێڕانە لەوانە سرودە بە ناوبانگەکەیی "لە قەندیلی سەربەرزەوە"، ئەرکی خۆی بە شۆڕشی حەقخوازانەی گەلی کورد بە جێهێنا.

کاک تاهیری خەلیلی هاوڕێ و دۆستی زۆر نزیکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو و لە ماوەی چەن مانگی ڕابردوو

بەتایبەت پەیوەندی بە کۆمەڵە چڕتر کرد و زوو و زوو لە ناوماندا حوزووری پەیدا دەکرد. کاک تاهیر مرۆڤێکی لە بەردڵان، زۆر سەمیمی و ڕووڕاست و پاک بوو. کاک تاهیر تا دواساتەکانی ژیانی بە ڕێباز و گەیشتن و سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد بە مافەکانی وەفادار مایەوە.

بە بۆنەی ماڵئاوایی لە ژیانکردنی هونەرمەندی ناوداری و خەباتکاری کورد کاک تاهیری خەلیلی لەلایەن هەموو ریزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و هەموو هۆگرانی دەنگی کاک تاهیر و جەماوەری خەڵکی کوردستان دەکەین.

یاد و ناوی تاهیری خەلیلی بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - سکرتاریت

٥ی سەرماوەزی ١٤٠٢

٢٦ی نۆڤامبری ٢٠٢٣

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی ڕەزا کەعبی - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## کۆچی دوایی پێشمەرگە و هونەرمەندی نیشتمانپەروەر (تاهیر خەلیلی) لە دڵەوە نیگەرانیکردین




هونەرمەند تاهیر خەلیلی جگەلەوەی خاوەنی دەنگێکی ڕەسەن بوو، مرۆڤێکی بە هەڵوێست و پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی کوردستان بوو.

بۆ ئەم خەمە گەورەیە، پرسە و هاوخەمیی قووڵی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵە سەربەرزەکەی، هاوڕێیانی و هونەرمەندان دەکەین و هاوبەخشی ماتەمیانین.

لەخوای گەورە داواکارم بە بەهەشتی بەرینی شادبکات و سەبووری بەهەموولایەک ببەخشێت.

دڵسۆزتان

بافڵ جەلال تاڵەبانی

سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٢٦ - ١١ - ٢٠٢٣

## پەیامی کومسیۆنی ڕاگەیاندنی سازمانی خەبات بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند کاک تاهیر خەلیلی




**بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی پێشمەرگە کاک تاهیر خەلیلی پرسەو سەرەخۆشی بە خانەوادە و کەس و کار ئاشنایانی ئەو هونەرمەندە تێکۆشەرەو خەڵکی کوردستان ڕادەگەینین.**

**کاک تاهیر خەلیلی ویڕای ڕۆڵی بەرچاوی لە بواری سرودی نیشتمانی و نەتەوەیی موسیقا و هونەری کوردی, بەشێکی تەمەنی تەرخانی خەبات لە ڕێگەی ئازادی و ڕزگاری نەتەوەی ستەملێکراوی کورد کرد هونەرمەند کاک تاهیرخەلیلی لە ماوەی ژیانیدا سەختی و ئازاری دیی. بەڵام سەرەڕای کێشەو سەختیەکان بەردەوام بوو لە خزمەت بە هونەری کوردو سرودی نەتەوەیی و نیشتمانی.**

**کاک تاهیر خەلیلی تا دوا هەناسە بیری لەلای نیشمانەکەی بوو و ئاواتی ئەوە بوو کە لە ئازادیی و ڕزگاری بە دیداری خەڵک و شارو و شوێنی لە دایک بوونی شاد بێتەوە.**

**جارێکی دیکە بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک تاهیر خەلیلی پرسەو سەرخۆشی خۆمان رادەگەینین و لە خودای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرینی شادی بکات.**

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئیران

کومیسیۆنی ڕاگەیاندن

٥ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی

---



سەرچاوە
Serchawe

## دەزگای ڕۆشنبیریی جەماڵ عیرفان - Jamal Erfan Cultural Foundation



**هونەرمەند تاهیر خەلیلی ماڵئاوایی لە ژیان کرد..**

بەداخەوە هەواڵی ماڵئاوایی هونەرمەند و شۆڕشگێڕی گەلەکەمان " تاهیر خەلیلی " مان پێگەیشت و ئەم هەواڵە لە ناخی دڵەوە خەمباری کردین و کۆچی دوایی مامۆستا تاهیری خەلیلی بە خەسارەیەکی گەورە و قەرەبوو نەکراوی گەلەکەمان دەزانین.

هونەرمەند و شۆڕشگێڕی گەلەکەمان مامۆستا "تاهیر خەلیلی" لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و بە درێژایی تەمەنی بۆ ساتێک ژیانێک نەژیا کە بۆ خۆی بێت و خۆی و هونەرەکەی و ژیانی خستە خزمەتی شۆڕش و ئازادی گەلەکەمان و تا دوا ساتەکانی ژیانی بزوێنەری ڕوحی شۆڕشگێڕی لاوان و شۆڕشگێڕان و ئازایخوازانی نیشتمان بوو لە پارچەکانی کوردستان.

هونەرمەندی نەمر بە درێژایی ژیانی هونەری خۆی دەیان هونراوە و گۆرانی شۆڕشگێڕی پێشکەش بە گەلەکەمان کرد و کاروانی هونەری شۆڕشگێڕی بە زیندوویی هێشتەوە.

بەناوی دامەزرێنەر و ستافی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی گەلەکەمان و بنەماڵە و کەس و کاری مامۆستای نەمر دەکەین و کۆچی دوایی مامۆستا بە خەسارەیەکی گەورە بۆ خۆمان و گەلەکەمان دەزانین.

تەرمی هونەرمەند تاهیری خەلیلی لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا

٢٨ - ١١ - ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی سەرۆکی PAK، فەرماندەی سپای میلیی کوردستان بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند تاهیر خەلیلی:



بە داخ و کەسەری زۆرەوە، ئەمڕۆ هونەرمەندی ناسراوی کوردستان کاک تاهیر خەلیلی، ماڵاوایی یەکجاریی کرد.

تاهیرخەلیلی دەنگێکی ئاشنای کوردستانیی بوو کە نیشتمان و پێشمەرگە و شەهید و خەم و ئازارەکانی بە دەنگە بەسۆزەکەی ڕادەژاند و هێزی ئەژنۆی بە لاوانی نیشتمان بۆ خەبات لە پێناو سەربەخۆییدا دەبەخشی. ئەو ٤٠ ساڵی ڕابردووی تەمەنی لە پێشمەرگایەتیی، ئاوارەیی و غەریبی بردە سەر.

تاهیر ئەگەر چی خەونی بە گەڕانەوە بۆ بۆکان و حەوزە گەورە و تەرغەوە دەبینی بەڵام ئامادە نەبوو بە داگیرکراویی بیانبینێتەوە و چاوی لە ڕۆژی هەڵتەکاندنی سەروەریی و ڕادانی داگیرکەری ئێرانیی لە زێد و نیشتمانەکەی بوو. هەر بۆیە لە کۆڕی ڕۆڵە ئازاکانی نیشتمان پێشمەرگەکانی کوردستان دانەدەبڕا.لە ماوەی ساڵانی شەڕی داعش و بەرەنگار بوونەوەی حەشد و پاسداری ئێران لە بەرەکانی جەنگ لە باشووری نیشتمان، سەری دەداین، دڵگەرمیی پێدەداین و گۆرانیی و سروودی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەچڕی.

ئەگەر چی تـاهیر ڕۆیـی و بە ئـاوات نەگەیشت بەڵام وەڵامەکەی لە«قەنـدیلی سـەربەرزەوە»،«ئەی دایکـی نیشـتمان قەدری بزانە»، پەیامەکەی بۆ «ڕۆژی سەربەخۆیی کوردستان»،«دڵنیاییەکەی بە نەتوانەوەی کورد»و «هـاوارە بەرزەکەی یـا مەرگ یا کوردستان»ی نەمر و هەرمانی دەکات.

سەرەخۆشیی بـێ لە کوردسـتان، لە کۆمەڵگـای هونەرمەنـدانی کـورد، لە خـاو و خێـزان و هـاوڕێ و دۆسـتانی. سـەبووری بـۆ هەمووان و دلۆڤانیی خوای گەورە بۆ تـاهیری بە مراد نەگەیشتوو.

حسەین یەزدانپەنا

٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٣ک - ٢٦ی نوامبری ٢٠٢٣ز

٢٦ - ١١ - ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## کەنەکە: تاهیر خەلیلی لە مەیدانی خەباتدا بەشدارییەکی کارای هەبووە




**کەنەکە هاوخەمی خۆی بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند تاهیر خەلیلی بۆ دەردەبڕێت و پەیامێک بڵاودەکاتەوە.**

**دەقی پەیامەکەی کەنەکە بەمجۆرەیە:**

بەداخ و خەمێکی قوڵەوە هونەرمەندو پێشمەرگە (تاهیری خەلیلی) دوای تەمەنێک لە خزمەتی هونەر و کەلتووری ڕەسەنی کوردی و تێکۆشان و پێشمەرگایەتی لە باشووری نیشتمان کۆچی دوایی کرد.

کۆچکردوو (تاهیری خەلیلی) جگە لە ئەستێرەیەکی دیاری هونەری بەرگری، بە سرووده شۆڕشگێڕییەکانی، وەک پێشمەرگەیەکی کوردستانیش، لە مەیدانی خەباتدا، بەشدارییەکی کارای هەبووە؛ دووانەی هونەر و تێکۆشانی لە بۆتەی بەگژاچوونەوەی داگیرکاری و، هێنانەدی ئازادی خاک و خزمەتی هونەری ڕەسەنی کوردیدا یەکخستبوو.

ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان سەرخۆشی لە خانەوادە و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی گەلەکەمان دەکەین و لە یەزدان داواکارین ڕۆحی کاک تاهیری خەلیلی شادبێت و سەربەرزی بۆ هاوسەنگەرانی و هونەردۆستان بێت.

نوێنەرایەتی باشووری کوردستانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

٢٧ - ١١ - ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە

## کەماڵ گرویسی - Kemal Gerwise



هاوینی ساڵی ١٣٦١ی هەتاویی بوو. بۆ پشوودان چووبووومە ئاوایی زاواکێو لە ناوچەی گەورکان. دوای چەند ڕۆژ مانەوە لەو مەڵبەندە دڵگرە دەبوو بەرەو بنکەکانمان لە ناوچەی مەنگوڕان بگەڕێمەوە.

سەرلە بەیانییەکی زوو، بە لێژەکەی پشت ماڵاندا بەرەو نێوچناران و کانی فەقێ ڕەسووڵی داگەڕام. بەسەر تاتەبەردەکانی چۆمیدا پەڕیمەوەو بەرەو مەزاری شێخڕەش تێهەڵبووم و رووم لە دۆڵی کێلێ کرد. دۆڵێکی دوور و درێژ و گەرم. باریکە ڕێیەک بە لای راستی دۆڵەکەدا هێدی هێدی بەرەو بەرزایی هەڵدەکشێ و پنچکە شیلان و توودڕکی قەراغ ڕێ جار و بار خۆت تێهەڵدەسوون و چەند دڕکێکت وەک یادگار بە قۆڵی چۆغە یان قەدی زەنگاڵەوە بۆ بەجێدێڵن.

لەسەرووی ڕێیەکە چەند زنەیەک تێککراونەوە و کانیاوێکی روون و ساردیان پێکهێناوە. ئاوێکی سازگار بۆ ڕێبواری تینوو بە پلووسکێکی دارینـدا دەڕژێتە نـاو خیزەڵانی بەر پلووسکەکە و پڕیشکی ئـاو، گژوگیـای قەراغ کانیـاوەکەی خەنـی کردوون و سەرسەوز و گەش دیمەنێکی جوانیان داوە بەو پووش و پەلاشی زەردهەڵگەڕاوی لاڕێ. دوای خواردنەوەی چەند قوم لەو ئـاوە سارده و فێنک کردنەوەی دەروون و رووم، تـاوێک حەسامەوە و سەرلەنوێ بەرەو دوونـدی کێلـێ وەڕێ کەوتمەوە. گەرمـای ئەو دوڵە ئەگەر بەیـانی زوو یان ئێواران کاتی سێبەر داکشانێ پێیدا تێنەپەڕی، تـاقەت پـڕووکێنە. هەر چۆنێک بـوو گەیشتمە بەرزایـی کێلـێ و شـنەبایەکی فێنـک مانـدوویی حەسـاندمەوە و ئـارەقەی ڕێـیەی لـێ وێشـک کـردمەوە. پـاڵم بە قەدی دارە گێوژێکەوە دابوو، دەمڕوانییە ئەو دیمەنە دلڕفێنە. لە دووره‌دیمەنـی دەسـتە ڕاستم بەنـدەنی مەنـاڵە و لە لای چەپەم دۆڵـی پشت گرشیلان، ماژگە و دۆلی تۆرەی و رووبەڕووم شاخە رەشی سوێناس دەبریسکایەوە.

لە پشت سەرمەوە لە لای دۆڵی خوڕخوڕەی ڕا دەنگێکی خۆش و بەرز گۆرانی: ئەی کیـژۆڵەی مەکتەبـی هەی بـێ دەرد و بەلا بی..... دەگوت و تـادەهات نزیکتر دەبووەوە. کاتێک لە تیرەگێ وەسەر کەوت، پیـاوێکی کەڵەگەتـی جوانچـاک، دەمـانچەیەک بە قەدەوە و کراس و پـاتۆڵێکی خـاکی پێشمەرگانەی دەبەردا، راست بەرەو پۆلە دار گێوژەکـان هـات و سڵاوی کرد. منیش لەبەر هەستام و سلاویم ئەستاندەوە. هەر زۆر زوو پرسی: لەم نزیکانە کانیاوی لێیە؟ خەریکە لە تـوونیـان قـرم بـێ. کـوتم لێرەنا بەڵام لەوخوارەی کانیاوێکی ساردی لێیە. کوتی تۆش بەرەو کاوڵان دەچێ؟ کوتم بەڵێ. کوتی دە تـۆ دینت بـا بـڕۆین بەرەو کانییەکە و دواتر پێکەوە بەرەو جادە و کاوڵان دەچین. دوای تـاوێک حەسـانەوە و ویشک بـوونەوەی ئـارەقەی ڕییەی، بەرەو کـانییە شـیلانـان وەڕێ کەوتـین.بەدم داگەڕانەوە تێیهەڵـکـردە سـروودی لە تەرەغەی سـەربەرزەوە و پـڕ بە گەرووی دەیچریکاند. لە بەندەنی پشت ماڵانی گرشیلان و برایم خەسار پۆلێک بێری سەتڵ بەدەست و تـوربێن لەکۆڵ بەرەو کـانییە شیلانـان دادەگەڕان و جار جار رادەوەستان و هەستیان بـۆ دەنگـی تـاهیری خەلیلی رادەگرت. ئێمە زۆرمان نەمابوو بۆ سەر کانیاوەکە و کاتێک گەیشتینێ ئاوێکی روون لەناو پۆلە چیمێکدا دەترووسکاوە، خیز و بەردی نـاو کانیـاوەکە لەگەڵ ئـاوەکە هەڵدەقولان و دەنیشـتنەوە نـاو بەسـتێنی کانیـاوەکە. کـاک تـاهیر تێـر ئـاوی خواردەوە ودموچـاوی شوشت. پـۆلە بێـریەکەش گەیشتنە لای کانییەکە و سڵاو و ماندوو نەبوونیان لێکردین. یەکیان پرسی ئەو دەنگ خۆشە کـێ بـوو گـۆرانی دەگوت؟ کـوتم ئەوە بوو. داوایان لێکرد گۆرانىیان بۆ بلێ، ئەویش بێ دڵی نەکردن، چەنـد گـۆرانی بـۆ گـوتن. بێرییەکـان نـان و پێخۆریـان پێبوو، دەگەڵیان بەش کردین و یەکی یەک دوو بابۆڵەمان دەگەڵ خواردن، ئەوان بێـری گرشیلانێ بـوون، بەرەو گونـدەکەیان وەڕێ کەوتن و من و کاک تاهیریش بەرەو ماژگە و سوێناس ملی ڕێگام گرت و وەڕێ کەوتین.

یادی کاک تاهیری خەلیلی بەخێر و رووحی شاد بێ.

دەنگێکی دلێری شۆڕش، هاوڕێیەکی ڕۆژە ئەستەمەکانی خەبات، چریکەی هەڵۆکانی تەرەغە و قەندیل، هاندەرێکی بێ وچانی پێشمەرگەی کوردستان، ماڵاوایی لە ژیان کرد. رووحت شاد کاکە تاهیری خەلیلی.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## قادر وریا - Qadir Wrya



لە گەڵ ئەو هەمووە ناوبانگ و ئەم بەهرە کەم وێنەیەی لە دەنگخۆشیدا هەیبوو، دڵێکی سادەی هەبوو، بێ فیز بوو .ڕێز و موحیببەتی لێدیتبای،بە شانازییەوە دەبووە هاوڕێت، بە هاسانی سوفرەی دڵی بۆ دەکردییەوە.

ڕەنگە ئەوانەی تاهیر خەلیلی لە خۆیان بە نزیک بزانن، سەدان و هەزاران بن. لە کۆشک و سەرسەرای ساماندارارن، سەبارەت بە هونەرەکەی بە هاسانی ڕێگای پێدەدرا و جێگەی دەکراوە، دەسکەوتیشی دەبوو، بەڵام هیچ کات خۆی لەنیویاندا بە خۆمانە نەدەزانی، کەچی لەسەنگەری سەرشاخ و بنکەی سادە پێشمەرگانە لەسەر سەریان دادەنا و دەیانگرتە باوەشێکی گەرم و بێ ڕیا وخۆمانە...

هونەرمەند تاهیر خەلیلیش لە بستووی ژیان ئاوا بوو، بەڵام هەروا وەک چەقی خولگەی خۆشەویستیی ئەویندارە سادە و ساکارەکان دەمێنێتەوە. بۆ مەرگی ناوەختی بەداخ و خەمبارم. هەتا لە ژیانیشدا بم، لەبیرەوەرییەکانمدا بە خۆشەویستییەوە دەمێنێتەوە.

پەشێو گوتەنی:

تۆش بەجێت هێشتین،

"وەک ئەسپێکی شێت سوار بەجێ دێڵێ

وەک وشەی تادار

زار بە جێ دێڵێ"

تۆش بەجێت هێشتین...

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

مەنسوور خوسرەوی - Mansour Khosrawi

## هونەرمەندی ناودار تاهیر خەلیلی بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد




**پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، سترانبێژی بەناوبانگ، تاهیر خەلیلی، خەڵکی بۆکان، لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا، لە شاری سلێمانی کۆچی‌دوایی کرد.**

**هونەرمەند تاهیر خەلیلی ساڵی ١٩٥٦ی زایینی لە شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە ئاشقی گۆرانی و مووسیقا بووە و زۆر هۆگری دەنگی هونەرمەندانێکی وەک محەممەد ماملی، حەسەن زیرەک، تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان و ساڵح دیلان بووە و بەرهەمی یەکەمی خۆی لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بڵاوکردۆتەوە؛ دوای هۆندنەوەی چەندین گۆرانی و سروود لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تاران، بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش بووەتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پاشان بەهۆی گوتنەوەی سروودی سیاسی و نەتەوەیی کوردی دەرفەتی مانەوەی لە**



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نامێنێ و دواتر پەڕیوەی هەندەران دەبێ.

هونەرمەند تاهیر خەلیلی دەیان سروود و گۆرانی چڕیوە و خاوەنی ڕێچکە و شێوازی تایبەت بە خۆی بوو و یەکێک لە سرووده بەناوبانگەکانی نەمر تاهیر خەلیلی بریتییە لە سروودی "لە قەندیلی سەربەرزەوە" کە ناوبراو زیاتر بەم سرووده ناوبانگی دەرکرد؛ کاکی شوان، خاسەکەو، شەوی تاریک و بێدەنگی، گوڵی مەهاباد و کیژۆڵەی کوردستان و ... لە بەرهەمە هونەرییەکانی دیکەی هونەرمەند تاهیر خەلیلین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی مەنسوور خوسرەوی - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

## Rahman Hassanzadeh - ڕەحمان حەسەن زادە

## "لە قەندیلی سەربەرزەوە" سەردێڕی ژیانی هونەری و پێشمەرگایەتی



لە کەژاوەی سەفەری ئەبەدیی هوونەرمەندی پێشمەرگە، دەنگێکی خۆش و ڕەسا کە لە بیچمێکی ساکار و خاکی و بێفیز و دڵێکی مەعسوومی تەژی لە هیوا و ئەوین، لە ئاگردانی کوردایەتی و شۆڕشگێریدا گڕی گرتبوو و "قەندیلی سەربەرز"ی کردبووە سەردێری ژیانی هوونەری و پێشمەرگایەتی.

کاک تاهیر خەلیلی کەسێکی خاکی و بەواتای حەقیقی خۆی کەسێکی بەقەناعەت و کەم ئیدیعا بوو.

هەم لە پێشمەرگایەتیدا و هەم لە دونیای هوونەردا زۆر ساکار دەردەکەوت و دەیتوانی بێ جیاوازی هاوڕێ و برای هەموو کەس بێت. کە لە نزیکەوە دەتناسی و تێکلاوی دەبووی ئەو کات هەستت پێدەکرد چەندە دڵێکی مەعسووم و بێگەردی هەیە.

هەمیشە حەسرەتی ئەوەم دەخوارد کە ئەو بەهرە و دەنگە ڕەسا و خۆشەی هەیە، بەڵام بۆ دەبێ لەو دوایـانەدا بەتـایبەت کە لە دەرەوەی وڵات، واتە لە "نـۆروێژ" دەژیـا، لە فکـری بەرهەمـی تـازەدا نەبوبێـت، بەڵام پێشـینیان جوانیـان گوتـووە کە دەڵێن: "هەر کەس برینی خۆی باشتر دەناسێ و دەزانێ."


هوونەرمەندی بێئیفادە و فیز کاک تاهیری ئازیز، یادت هەوێنی هێنـد دانیشـتن و مەجلیسـانە کە هەرگیـز لە بـڕان نـایەن. بە تایبەت ئەو کاتانەی لە عەنکاوەی هەولێر دانیشتبووین، بەر لە هاتنمان بـۆ دەرەوەی وڵات دونیـایەک بیـرەوەری لە یـاد نەکراوم لێ هەن کە لە دەرفەتی دیکەدا دەمهەوێت ئاوڕیان لێ بدەمەوە. ئەو بیرەوەرییانە زۆربەیان دەرخەری ژیانی سادە و ساکار و ئەوپەڕی بێ ئیددیعایی و بێفیزی ئەو هونەرمەندە تێکۆشەرە و ئەو سەربـازە گومناوەن .

کۆچی ناوادەت دونیایەک مەحزوونی کردین، ئـوغرت خێر و بەدڵنیـاییەوە لەمەبەدوا زەمزەمەی دەنگی زووڵاڵ و سێحراویت، زیاتریش لە جاران و هەردەم لە تەنیایی و خەلوەت دا هاودەم و میوانی ئازیزم دەبێت.

(تێبینی: وێنەکانم لە بەشێک لە پۆستەکانی شەپۆلی هاوسۆزی و هاوخەمی ئازیزانی فەیسبووک زۆر بەئەمـانەت وەرگرتـووە و خۆم کردوومەتە یەک وێنە واتە ئەوەیانم لێ ساز کردوە).

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

## Agiri Esmailnazhad - ئاگری ئیسماعیل نژاد



"قەراری جێژوان و دیدار
لە ئاغەڵ و پەنا پەسار
فروفێل بوون لە گوفتارت
ئەسیر گرتن بوو ئاکارت"

کۆپلەیەک لە شێعری شەوی تاریک و بێدەنگی نووسینی عومەر حیسامی

دابڕان لە ژینگە یان دابڕان لە کۆمەڵگای خۆت گەورەترین کارەساتێکە کە بەسەر هونەرمەندێک دێت! هەرچەند بەرهەم هێنانی هونەر لە ژینگەیەکیتر ناویان ناوە هونەری تاراوگە! بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بێ دەرەتانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و سانسۆری تاقەت پڕووکێکی ڕێژیمی خومینی وای کردووە کە هونەرمەند و هونەری تاراوگە نەک هەر بێناز بن بەڵکوو دەنگیشیان کپ بکرێت!

من هەتا سەر ئێسقان لەو باوەڕەدام کە مەرگی شۆڕشگێر کاتێ دەست پێدەکات کە لە خاکی خۆی دادەبڕێ و مەرگی هونەرمەندیش کاتێ دەست پێدەکات کە دەرتانی گەیاندنی هونەرەکەی بۆ ژینگە و کۆمەڵگای خۆی نابێت! تاهیر خەلیلی

یەک لە هەزاران هونەرمەندی کورد بوو کە خۆیان و هونەرەکەیان بوون بە قوربانی کوردبوون! چ ئاستەمە کوردبوون!

بەڵام هەتا سەر شانازی بەو کوردبوونە کرد! چون ئەویش لەو باوەڕەدابوو کە کوردبوون ئاستەمە و تەنیا بەخۆمان دەکرێت! ڕووحت شاد بێت و روحی پڕ لە هونەرت جارێکیتر بگەرێتەوە ناو کوچەی خەیاڵ و سەر "قەراری جێژوان و دیدار" ! ڕووحت شاد بێت و ڕووحی کوردایەتیت جارێکیتر بگەرێتەوە سەر کانی سەنگەران و دوندی تەرەغە! ڕووحت شاد بێت و یادت هەمیشە تاڤگەی بە لرفەی قەندیل بێت و بڕژێتە ناو زەریای هونەری کوردییەوە!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

---

## کاوە ئاهەنگەری - Kawa Ahangari

### "شوانە ئەو شمشاڵەم دەیە"



لەبیرم نەماوە کام ساڵ بوو بەڵام پێمنوابێ ساڵەکانی ١٣٧١ یان ٧٢ی هەتاوی بوو کە شانۆی "مەولەوی"مان لە بۆکان بۆ کۆنگرەی مەولەوی لە سەقز ئامادە دەکرد. من لەو شانۆیەدا رۆڵی شوانەم دەگێڕا. لە جێگایەکدا کە مەولەوی شێعری دەخوێند منیش بە دوایدا شمشاڵم لێدەدا.

دیارە من شمشاڵم نەدەزانی و ناشیزانم. بەڵام دەبوو شمشاڵەکە بە لالێومەوە نێم و دەنگی شمشاڵیان بڵاو دەکردەوە و وای دەنواند کە من خەریکی لێدانی شمشاڵم.

جارێکیان کە خەریکی تەمرین بووین، مامۆستا تاهیری خەلیلی رەحمەتی وەژووکەوت و لە دەوری یەک دانیشتین و چامان دەخواردەوە. شماڵەکە هەر بە دەستمەوە بوو، فەرمووی " شوانە ئەو شمشاڵەم دەیە". منیش شماڵەکەم دایە. لەوێدا زانیم کە مامۆستا تاهیر قامکێکی لە دەست داوە.
هەرچی فووی تێکرد لێی نەدەدا. چاوی لێکرد، دیاربوو ڕووناکایی نابینێ. واتە سەر و بنی کون نیە. فەرمووی شتێکی تێدایە!!!

ئەوەی ڕاستی بێ نازانم ئەو شمشاڵەم کەی کڕیبوو/کڕیبوویان بەڵام ئەوەندە دەزانم لە بن وردەواڵە و کەل و پەل لە ژێرزەمینی ماڵەکەمان هێنامەدەرێ و بۆ تەمرینی شانۆی مەولەوی دەمبرد.

مامۆستا تاهیر هەرچۆنێک بوو شتێکی پەیدا کرد و لە کونی شمشاڵەی نا و لە بنەوە " مسواک"ێک بەربۆوە. فەرمووی ئەوە چیە شوانە؟

عەرزم کرد، چت عەرز کەم قوربان بۆخۆشم نازانم ئەوە لەوێ چی دەکات.

شمشاڵ ئازاد بوو، ئەگەرچی شتێکی بە کەیفیەت نەبوو بەڵام مامۆستا تاهیر چەند ئاهەنگی زۆر بەپێزی بەو شمشاڵە لێدا. هیوادارم ڕۆژێک لە لە نێشتمانی ئازاددا گڵکۆت لە پەنا زیرەکی نەمر ببێتە شوێنی ئەویندارانی ئازادی و سەربەستی

یادت هەرمان

کاوە ئاهەنگەری - بلژیک

------

زۆر بەداخەوەم بۆ کۆچی دوایی هونەرمەندی شۆڕشگێر مامۆستا تاهیری خەلیلی. بریا دەرفەتی ئەوەت هەبا کە بۆ جارێکی دیکە شاکاری «لە قەندیلی سەربەرزەوە» لە شارە جوانەکەی بۆکان بۆ ئەویندارانی ئازادی و نیشتمان بخوێنییەوە. بەڵام مخابن. ئۆغرت بەخێر مامۆستا گیان .سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ ناو و گڵکۆت. سەرەخۆشی لە بنەماڵی خەلیلی، خەڵکی بۆکان و هەموو کوردستان دەکەم.

ماڵئاوا

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئازاد محەممەدیانی - Azad Mohamadyani

## چریکە تاهەتاییەکەی تەرغە و قەندیل...

باغێکم هەبوو لە ئاوایی شاریکەند لە پازدە کیلۆمێتری بۆکان، هەر کاتێکی ڕۆژ پێم بکرایە سەرم دەدا و ئەگەریش بێنزینم بویستایە دەچومە پۆمپی بێنزینەکەی شاریکەند کە لە سەر جادە بوو، بێنزینم لێدەدا و دەگەڕامەوە نێو شار. یەک لەو ڕۆژانە چوومە باغی و دواتر پۆمپی بێنزین و لە گەرانەوەمدا لە سەر جادەکە لە بەر دەرکی مەدرەسەکەی شاریکەند کەسێک ڕاوەستابوو چاوەڕوانی ماشێنی دەکرد بۆ بۆکان، پێم وابوو موعەلیمی مەدرەسەکەیە، وەک عادەتی هەمیشەم ڕاوەستام و کابرام سوار کرد، سەری قسەم کردەوە دیتم بە فارسی قسە دەکا، کە هەڵبەت تورک بوو، لێم پرسی موعەلیمی، کوتی ناوەڵا لە پایەگای شاریکەند پاسدارم، یەک بۆخۆم داچڵەکیم، کە وەخۆ هاتمەوە دیتم «تاهیر خەلیلی» «لە قەندیلی سەربەرزەوە» دەڵێ، گورجێک پەخشی ماشێنەکەم کوژاندەوە، هەڵبەت تازە درەنگ ببوو چون قەدەرێک بوو دەیکوت، کابرای پاسدار کوتی بۆ کوژاندتەوە؟ راستیەکەی هێندێک ترسام و کوتم ئەخەر قسەمان دەکرد، کوتی: «نە بابا خیلی خوب میخوند درباره شهید هم میخوند» دەی منیش کوتم بەڵێ خوانندەی چاکە، کابرا ئەمجار لە کۆڵ نەدەبوەوە ئەوە کێیەو ئەو ئالبۆمەی نێوی چیە، سەیر بوو ئەو پازدە کیلۆمیترە تەواو نەدەبوو، ئاخری پێی هەڵکردمەوەو منیش خودا خودام بوو ئەو تیکەیەی کە دەڵێ «هێزی پێشمەرگە نابەزن...» تەواو بووبێ، کە دەستی پێکردەوە ڕێک ئەوەی کوت و کابرا قوشقی بوو، بەڵێ ئەو گۆرانیە تەواو بوو و گەیشتینە میراواو و کوتم فەرمو قوربان گەیشتین، پێش دابەزین تەشەکوری کرد و کوتی گۆرانیەکەت زۆر خۆش بوو « ولی مثل اینکه این شهید که میگفت منظورش پیشمرگه بود»، دەی منیش ناچار بووم لە تەئید کردنی و کابرا دابەزی و ماڵ ئاوایی کرد. دەنگ و چریکەی «تاهیر خەلیلی» وای کرد کابرای پاسدار سەرەڕای ئەوەیکە ئەو سرووده باسی شەهید و پێشمەرگەی دەکرد بەڵام پێی سەرخۆش بێ.

لە ڕاستیدا ئەوە چیرۆکی نەوەی ئێمەیە، کە لە هەر کات و ساتێکی ژیانماندا بەو دەنگانە لاواوینەتەوە و بە سروود و گۆرانی هونەرمەندەکانی وەک «تاهیر خەلیلی» هەستی کوردانەمان بالآی کردووە و لە زەین و بیرماندا ئەو چەمکانەی ئەوان کردوویانەتە هەڵبەست و سروود چەکەرەیان داوە و سەوز بوون و ئێمەیان لێ ساز کردووە.

یادت بەخێر و ڕۆحت شاد هونەرمەندی گۆڕ غەریب، چریکە تاهەتاییەکەی تەرەغە و قەندیل


سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئەحمەد ڕەحمانی - Ahmad Rahmani

## کاکەی پێشمەرگەم




ئەمڕۆ تەرەغەش بۆت گریا و هۆن هۆن گەرمە فرمێسکی بۆت هەڵوەراند، گرمەی هەوری ڕۆندکی هاوڕێ و هاوسەنگەرانت بوو بۆ هەواڵی کۆچ و دوا ماڵ ئاواییت، هەنیسکی بنەماڵەو ئازیزانت بوو بە دوای بیستنی دوا ئۆغرت

کاکە

لە قەندیلی سەربەرزەوە وڵامت بۆ دەنێرینەوە ڕێگای خەباتت، مەکۆی پێشمەرگانەی شاخت هەر ئاوەدان و بە ئاوەدانی دەهێڵینەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ماڵ ئاوا دڵ پڕ لە هیوای دەرکەوتنی ئاسۆی ڕوونی خەبات
ماڵ ئاوا نەگەیشتوو بەمراد، هەیبەتی پێشمەرگە و شاخ

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئالان خاس

### بۆ ڕوحی پڕ لە ئازاری سەرداره غەریبەکەی چریکەی شۆڕشگێڕی!

کاک تاهیر گیان، جا با سەرەتا ڕووک بڵێم من ناتوانم وەک ئەو هەموو ئیکس و ئیگریگ و کەس و دووره کەسەی ئەو دوو ڕۆژه بەنێو بۆت غەمبار بوون، دوو ڕوو بم!

نا، من یەک لەو کوردانەم کە شەرمەزارم کە وا بە غەریبی ڕۆیشتی، شەرمەزاری ئەوەشم کە ئەندامی نەتەوەیەکم کە مردوو پەرستی زیندوو کوژە، پیاو حەق بڵێ ڕاگەیاندنی حیزبەکەت واتە حیزبی دێموکرات، هەم لە کورد کاناڵ و هەم لە تیشک تیڤی چەندین جار بەسەریان کردیەوە، هەرچەد ئەوە تۆسقاڵێک لە مافی تۆیە، بەڵام گلەیی من لە کەسانێک و لایەنگەلێکە کە تا هەبووی ئاوڕی پێویستیان لێ نەدایەوە و ئێستاش دێن ئەشکی بیلامانێ درۆزنانەت بۆ دەڕێژن، ئاخر کاک تاهیری دێموکرات چۆن وەک کوردێک شەرمەزار نەبم کە دەبینم جەریانێکی وەک کۆمەڵەی کاک عەبدوڵا موهتەدی ناوی شۆڕشگیرانەت بۆ ڕێکلام بۆ جەریانەکەی بەکار دێنێ، سوو ئیستفادە لە ناو و خەباتت دەکەن تا خۆیانی پێ لە قەیرانی خۆکردە هێندێک دوور بخەنەوە و بە فکری خۆیان لە دارمانی جۆرجتاونیزمەوە بەو قسانە بێنەوە نێو کۆمەڵگەی کوردستان، کارەساتە کارەسات بێی مەرگی ئوستورەیەکی هونەریی بۆ مەرامی حیزبی سوو ئیستفادە لێ بکەی.

دوو یان سێ جار لە نزیکەوە بەخزمەتت گەیشتووم، بەڵام هەزاران جار بە : لە قەندیلی سەربەرزەوە، ورەم گرتوە، وەک خۆم شەرمەزارم کە یەکێک لەوانەم کە تا هەبووی بەپێی پێویست قەدرمان نەزانی.

ئارام بنوو هاوڕێی قەندیل.

ئارام بنوو کوردی تاسەر دێموکرات.


سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe

## Hashem Rezai - هاشم رەزایی

### داخەکەم بۆ مەرگی هاوسەنگەری دێرین تاهیر خەلیلی



ئەمرۆ، یەکشەممە پێنجی سەرماوەز، دڵە گەورەکەی هونەرمەندی ناسراوی کورد تاهیر خەلیلی، لە شاری سلێمانی بە هۆی سەکتەی مێشکەوە، لە لێدان کەوت.

تاهیر خەڵکی شاری بۆکان و هەر لە سەرەتای منداڵییەوە دەمناسی. تاهیر خزمی گیانبەختکردوو خالید فەرهادزادە ناسراو بە وەستا عەولا بوو و ئەوەش بووە هۆی دۆستایەتیمان. تاهیر لە بۆکان خۆشەویست بوو، کەسێکی دڵفرەوان، دۆستخۆشەویست، دەنگخۆش، بەدەربەست و مەلەوانی باش بوو. هەر لە منداڵییەوە دەستی بە کارکردن کرد.

ساڵی ١٣٥٨، بەدوای شەڕی سێ مانگە بۆکانمان گرتەوە و ماوەی سێ ساڵ ئەم شارە لە ژێر دەسەلاتی رژیمی ج.ا نەبوو. لەم ماودا تاهیر هاتە نێو ریزەکانی کۆمەڵە و وەک پێشمەرگە دەستی بە چالاکی و هەڵسوڕان کرد. لەسەر داوای خۆی، ناردمانە دۆڵی ئاجیکەند و لەگەڵ پێشمەرگەکان، بۆ کاری سیاسی وکۆمەڵایەتی لە دێهاتی دەوروبەر جەولەیان دەکرد. ئەم

ماوەیە، ئاڵوگۆڕێکی گەورە و پۆزەتیڤ بەسەر ژیانی تاهیردا هات و لە نێو پێشمەرگە و خەڵکی ئاواییەکان ببووە کەسێکی خۆشەویست. بەدوای قسە و باسی بەرپرسانی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەکان، تاهیر بە دەنگە خۆشەکەی ئاهەنگەکەی دەڕازاندەوە.

هەر لێرەوە سەرەخۆشی دەکەم، لە بنەماڵە، کەسوکار و دۆستانی و خۆم بە بەشداری خەم و پەژارەیان دەزانم. یادت بەخێر هاوسەنگەری دێرین

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## Abdullah Karimi - عەبدوڵڵا کەریمی




ئەمڕۆ خەڵکی سلێمانی بەتایبەت خەڵکی گەرەکی بەکرەجۆ، سەلماندیان کە سلێمانی شاری کوردایەتی و روشنبیری و هونەر دۆست و. هونەر پەروەرن، بێ جیاوازی بەم دیو بەو دیوی کوردستان. هەروەها بێگوێدانە هەوڵی دوژمنانی کورد، کە دەیان هەوێت بە سنورە دەست کردەکان .عاتفەو هەستی کوردایەتی و سۆزو هاو خەمی لەیەکتر کەمرەنگ کەنەوە، بەڵام نیشیان دا کە کورد هەر کوردەو، خەم و خۆشیەکانیان هەر یەکەو، کەس لە هیچ بەشێکی کوردستان میوانیەو، بەڵکو خانە خوێیە، بۆیە ئێمەی بەشی رۆژهەڵات هەمیشە بە خۆشیەکانی باشور خۆشحاڵین و .بە نا خۆشیەکانیشیان خەمبارو خەمخۆرین، بژی کورد بژی کوردستان، رۆحی هونەرمەندی پێشمەرگەو شۆشرگێڕی نەتەوەکەمان .کاک تاهیر خەلیلی شادبێت، سەبوری بۆ کەس و کارو خەمخۆرانی بەگشتی، یادی بەرزو بەرێز دەمێنێت،

-----

کام پێشمەرگە هەیە رۆژێک لە رۆژان سرودە پر حەماسی و هەست بزوێنەکەی کاک تاهیری خەلیلی لە شاخەکانی کوردستان لە بەر خۆیەوە نە گوتبێتەوە، چ گەنجێکی نیشتمان پەروەری کورد بە گوی بیسی ئەو سرودە پر ئیحساسە وادار بە خەبات وپێشمەرگایەتی نەبوبێت و موچرکی شۆڕشگێری بە رەگ و ئێسکی دا را نەخژابێت، رۆحت شاد، دەنگ و سرودەکانت و ناو

شێوەت لە دڵی تاک تاکی ئێمە دا بە زیندوی دەمێنێت، بڵاو بونەوەی هەواڵی کۆچی دوایت هەمومانی تاسانت، چونکە هێشتا کاتی کۆچی ئەبەدیت نەبوو، قەندیل و تەرەغە بۆت تاسەبارن،

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## خالید حەسەن پوور - Khalid Hassanpur




تاهیری خەلیلیش لە ئاسۆی ژیان ئاوا بوو. بۆ مەرگی تاهیر خەلیلی پڕ بە دڵ نارەحەت بووم. دەنگێکی دەگمەن، بەڵام ون! دەنگێکی ڕەسەن، بەرز و کوردانە، ڕێچکەیێکی هوونەری تایبەت. بێجگە لەویکە خاوەنی سەبک و شێوازی هوونەری خۆیبوو، گۆڕانی هەر گۆرانیبێژێکیشی گوتباوە، شقڵی هوونەری خۆی لێدەدا. بە داخەوە تاهیر خەلیلی، نە لەو گەوهەرەی کە لە دەنگییدابوو ئاگا بوو، و نە هەتا مابوو، ئەو جێگاو پێگە هوونەرییەی کە شیاوی خۆیبوو بەدەستهێنا. مێژووی هوونەر، مەعریفە و سیاسەت نیشان دەدا کە، زۆر کەس دوای مردنیان مەشهوور دەبن، شایەد تاهیری خەلیلیش یەکێک لەوانبێ.

پاش بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی تاهیر خەلیلی، ژمارێکی بەرچاوو لە نووسەران، شاعێڕان، گۆرانی بێژان و هوونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ژوورێکی بچوووک بەڵام پڕ لە سەفای شاری سەردەشتدا کە، بیروباوەڕی کوردایەتی تێیدا شەپۆلی دەدا و، دەتگووت نێردراوو و سەفیری گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بە گووتنەوەی گۆرانی "لە قەندیلی سەربەرزەوە"، مالئاویان لە تاهیری خەلیلی کرد. بەوجۆرە نیشانیاندا کە "قەدری زێر لە لای زێڕنگەرە"، هەروها نیشانیاندا کە ئەوەی لە پێناوو نەتەوەکەیدا تێبکۆشێ، وننابێ و لە نێوو دڵی گەلدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ڕووحی تاهیر خەلیلی شادبێ

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

## Wrya Rahmani - وریا رەحمانی

**یەکەم بەرنامەم لە تیڤی کوردکاناڵ لەگەڵ کاک تاهیر خەلیلی بوو. بۆیە قەتم لەبیر ناچێتەوە.**



ئەوکات کاک تاهیر لە نۆروێژ دەژیا و بە سەردان هاتوچۆی کوردستانی دەکردەوە. لە زۆربەی سەردانەکانیدا یەکترمان دەدیت و نێوانمان خۆش بوو.

جارێکیان کە لە شارۆچکەی دوکان بەیەکەوە دانیشتبووین باسم لە چوون بۆ دەرەوەی وڵات لەگەڵی کرد. کەچی زۆر بەتوندی دژایەتیی کردم. وتی قەت ئەو کارە مەکە. ژیانی تاراوگەنشینی زۆربەی کات ئاراستەی پێچەوانەی هەیە. مرۆڤی بچووک تێیدا هەندێ گەورە دەبن، بەڵام زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە مرۆڤێکی گەورە تێیدا گەشە بکات. تاراوگە، مرۆڤە گەورەکان بچووک دەکاتەوە.

بەداخەوە زاتی مرۆڤ وایە کە تا بۆخۆی شتیکی بەسەر نەیەت، وەک پێویست هەستی پێ ناکات. راستیەکەی, منیش ئەوکات زۆر باش لەو قسەیەی تێنەگەیشتم، کەچی ئێستا باش بە رۆخی مەبەستەکەیدا رۆچووم.

ڕەنگە هیچ شتێک بۆ هونەرمەندێکی وەک تاهیری خەلیلی لەوە دژوارتر نەبێ کە مەیلی بلاوێنی ئێوارانی وڵاتەکەی وەلا نابێ و لە نێو شەقام و کۆڵانە غەریب و بێ ڕۆحەکانی وڵاتانی سکاندیناویدا لەنێو سێبەری خۆیدا نوقم بێ.

**ئێستاش لە قەندیلی سەربەرزەوە ڕەمزی شاخ و شەوی تاریک و بێدەنگی گۆرانییە خۆشەکەی لاوانی شار و دێهاتەکانی وڵاتن.**

**ڕۆحت شاد و یادت بەڕێز!**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

## تەیموور مستەفایی - Taimur Mostafayi

**هێزی پێشمەرگە نابەزن هەموو شۆڕەشگێڕن ئەمڕۆ**
**شەهید بونمان شانازییە دایکان بۆمان مەکەن ڕۆ ڕۆ**



**ئەمە پەیامی گەورە و بچوک و هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستانە،**

کۆمەڵێک هونەرمەندی ئازا و دەروەست لە سەردەشت کۆچی دوایی تاهیری خەلێلیان کردە دەرفەت و بە خوێندنەوەی "سرودی هێزی پێشمەرگە نابەزن "ئەم پەیامەیان بە گوێی یار ونەیاردا چڕی، ئەمە ئەگەر ئیرادەی گەلێک بۆ ئازادی نییە ، ئەی چ ناوێکی دیکەی دەتوانین لێ بنێین کە، لەجەرگەی خاکی داگیر کراوماندا ، لە ژێر دەسەڵاتی ڕەش و داپڵۆسێنەری ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری پەت وسێدارەدا، کە کوردستانی کردوەتە پادگانێکی نیزامی و ڕۆژ نییە لە ناوخۆی وەڵاتدا خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی ڕاپێچی زیندانە ترسناکەکانی نەکات و بەرەو پەتی سێدارەیان نەبات.

- بەڵێ ئەمە ڕاست ئەو گووتەیە کە ڕێبەری شەهیدمان د.قاسملوو پاش فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد ڕایگەیاند و ووتی:

- "خەڵکی کوردستان هەموو پێشمەرگە وچەکدارن، ئەگەر کەس یا کەسانێک بیانهەوێ هێزی پێشمەرگە چەک بکەن، ئەوە دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان چەک بکەن کە ئەوەش محاڵە"

خوێندنەوە سرودی هێزی پێشمەرگە لەناو جەرگەی دوژمندا، نمایشی ئیرادەی نەتەوەیەکە کەعەوداڵی ڕزگاریی خۆیەتی و لە دژی داگیرکاری و چەوساندنەوەخەبات دەکات. ئەم گەلە نابەزێ هەروەک تا ئێستا لەبەرامبەر ئەو هەموو جینایەت و سەرکوتەدا نەبەزیوە و دروشمی نەبەزین و بەرخودانی بەرز کردووەتەوە.

ئەرێ نوسەری تکستی هێزی پێشمەرگە نابەزن و ئاوازدانەر و چڕینی ئەم سروده لە لایەن کاک تاهێر خەلیلیش بەدەنگە بەرز و دوژمن تۆقێنەکەی، ئەم سرودەی کردوەتە میوانی دڵی هەموو کوردێکی ئازادیخواز و پێشمەرگە خۆشەویست، بۆیەهەم کاک تاهێر و هەم نووسەر و ئاوازدانەری ئەم سروده دوژمن تۆقێنە هەر بە زیندویی دەمێننەوە.

ئافەرین بۆ ئەو هونەرمەندە ئازایانە کە بە خوێندنەوەی ئەم سروده لە نێو خۆی وەڵات داستانێکی نوێیان لەئازایەتی ،ورە و نەبەزی خەڵکی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کوردستان نمایش کرد. بێگومان ئەم ئازایەتیە دەبێتە لاپەڕەیەکی دیکە لەمێژووی خەبات و بەرخودانی گەلەکەمان و دەچێتە مێژووی ئەم گەلە نەبەزەوە.

**سڵاو لەو هونەرمەندە ئازایانە.**

**نەمری بۆ کاک تاهیر خەلیلی**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەشید قازی - Rashid Qazi

### لە قەندیلی سەربەرزەوە، ئەو سروودەی کۆماری ئیسلامی توشی شۆک کرد.



شۆڕشگێران گۆرغەریب دەبن بەلام مردنەکانیشیان شورش و کلپەی ئاگرینێکە کە دڵ و دەروونی داگیرکەران دەهاژێنێت.

پاش کۆچی دوایی تاهیر خەلیلی خاوەن هۆنراوەی " لە قەندیلی سەربەرزەوە ولامت بۆدەنێرمەوە...." کە لەسەردەمی خەباتی چەکداریدا ببوە وێردی زمانی ورد و درشتی کۆمەلگە و شۆرشگێران،و ئێستا بۆتە ویردی زمانی کۆمەلگەی مەدەنی، بەشێکی لە نیشتمان پەروەر و هۆنەردۆستان دیسان ئەو سروود و هۆنراوەیان بۆ ڕێزگرتن لە هونەرمەند تاهیری خەلێلی ئامانجەکانی سەر دایەوە. کردەوەیەک کە کۆماری ئیسلامی توشی شۆک و کردەوەی هیستریک کرد و هەموو ئەو هونەرمەندانەی ناچار کرد سرودی ئەی ئیران بلێنەوە.

٤١ سال بەر لە ئیستاش کاتێک بەشێک لە لاوانی مەهاباد دەستە بەسەر کران و ٥٩ کەسیان لێ لەسێدارە دان ، لەوانەی کەوا لە بەندیخانەدا مابوونەوە بەشێکیان ناچار کرد لە ژێر حوکمی سەرنێزەدا سرودی "خومەینی ئەی ئیمام " بلێنەوە.

ئیستاش پاش ٤٤ ساڵ دەستەلاتداری کۆماری پەت و سێدارە سەرەرای ئەوەی هەموو کۆمەڵگە لە بەندیخانەیەکی مەزندا بە ناوی ئیراندا بەند کردوون، بەلام شۆڕشگیران بە بێ سرنجدان بە حوکمی سەرنێزە و جەهالەت هەروا بە ئیرادە و بە هیواوە بۆ داهاتو دەروانن و بەرەو لوتکە سەرکەتن هەنگاو دەنێن. شۆرشگیران لە پەندیلی سەربەرزەوە ولاّم بۆ کامری پەتی و سیذارە دەنێرنەوە کە رێژیمی پەت و سێدراە دەبی باش بزانێ چ ئەو کات بە زۆری سەرنێزە سرودی خومەینی ئەی ئیمامیان بە لاوان دەگوتەوە و چ ئیستا لە ژێر پۆستالی داگیرکەردا سرودی ئەی ئیران بە هونەرمەندان بلێنەوە ئاکامەوەکەی هەر لەناوچوونی حاکمێەتی زالم و خوێنرێژ و مندالکوژی کۆماری پەت و سێدارە دەبێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٣ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٤ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

و ئەمگناسی و وەفاتان بۆ هۆنەرمەندی نەتەوەکەمان هاوڕێ تاهیر خەلیلی دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

